# Chorale

ووشه ی(Chorale)یا ( كۆراڵ) جۆرێكه له بۆته موزیكییه مرۆییه‌كان كه سه‌ره‌تای سه‌رهه‌ڵدانی به‌شێوه‌یه‌كی هونه‌ری ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ره‌تاكانی سه‌رده‌می موزیكیی ( ڕكۆكۆ ) و (بارۆك ) ، وه پێشتریش له كه‌نیسه‌ی پرۆتستانتی ئه‌ڵمانیدا به‌شێوه‌یه‌كی ئاسان هه‌بووه . به‌و پێیه‌ی كه سه‌ره‌تاكانی سه‌رهه‌ڵدانی ئه‌م جۆره فۆرمه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ناو كه‌نیسه‌كان له‌سه‌ره‌تادا سه‌رجه‌م تێكستی ئه‌م فۆرمه گۆرانی ئامێزه هه‌ڵگری بابتێكی ئایینی بووه ، وه دواتر بابه‌ته دنیا ییه‌كانیش له داڕشتنی ئه‌م فۆرمه‌دا به‌كارهاتووه .فۆرمی موزیكیی مرۆیی ( كۆراڵ) جۆره گۆرانییه‌كه كه به‌كۆی ده‌نگه‌مرۆییه‌كانی هه‌ردوو ڕه‌گه‌زی نێرومێ ده‌وترێت ، واتا سه‌رجه‌م چینه ده‌نگه مرۆییه‌كان له هه‌ردوو جۆری گڕو تیژ كه بریتین له چینه ده‌نگییه‌كانی ( سۆپرانۆ، ئاڵتۆ، تینۆر، باس ) ،هه‌ر بۆیه ( كۆراڵ) به ( گۆرانی به‌كۆمه‌ڵ ) ناسراوه . بۆ زیاتر ئاشنابوون به فۆرمی موزیكیی مرۆیی ( كۆراڵ ) ده‌كرێت نمونه‌ی كاره كۆراڵییه‌كانی موزیكزان ( باخ ) به زیندوترین نمونه بناسێنرێن .

Muzic-Chrakan
2005